# فەلسەفە لە قوتابخانەدا

خوێندنی فەلسەفە، وەك وانەیەكی سەرەكی لە قوتابخانە سەرەتاییەكاندا

ئەنگیزەی منداڵ
گشت ئەوانەی لەگەڵ منداڵاندا كاریانكردووە، باش دەزانن كە منداڵان (زۆربەیان) گچكە فەیلەسوفێكن. گەرچی ئەم سیفەتە لە منداڵێكەوە بۆ منداڵێكی دیكە، كەم و زۆردەگۆڕێت.
ئەوە بۆ منداڵانی پێش قوتابخانە/باخچەی منداڵان، وەك خویەكی لێهاتووە كە هەمیشە بپرسن بۆ؟ بۆچی؟

هەرهێندەش وەڵامێكیان دەستگیربوو، جارێكی دیكە، هەمان پرسیار دووبارە دەكەنەوە بۆ؟ بۆچی؟
لە بەر هەندێ (ڕێسای پلانی باخچەكانی منداڵان - لە نە رویجدا/ **R95** دەیسەپێنێ بەسەر بەڕێوەبەرایەتی و كارمەندانی باخچەكانی منداڵاندا، كە هەردەم، گوێ ڕادێر و وەڵامدەرەوەی ئە م خوی پرسیاركردنەی منداڵان بن، چونكە بەپێی بڕگەكانی ئەو ڕێسایە وا لێكدراوەتەوە (منداڵان سەرقاڵ و هەمیشە لە بیری پرسیارە سەرەكیەكەی ژیان و بووندان).

**R- 95** لاپەڕە **63** دیسان لەهەمان ڕێساگەل و لاپەڕەی**66** دانوسراوە:
(منداڵان زۆر سەرقاڵی ئەم جۆرە پرسیارانەن:
- ئێمە لە كوێوە هاتوین؟
- چۆن دروست بووین؟
- كە مردین چیمان لێدێت و بۆكوێ دەچین؟

دیسان لەم شتەگەلەش دەپرسن:
خودا، بەهەشت/ئاسمان، باوەڕو گومان، دڵنیاییو بڕوا، تەنهاییو هیوا. ئە م جۆرە پرسیارانە ڕەنگە سەرەتایەكی باشبن بۆ گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە لە نێو منداڵاندا) **R- 95** لاپەڕە **66**
منداڵان، هەرلە خۆیانە وە بیردە كەنەوە (بێ ئەوەی كەس پرسیاریان لێبكات، بەڵام بیركردنەوەیەكی زۆر كۆنكرێتی (واقعی) و بەگوێرەی تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆیان بۆ دنیا و دەوروبەر: بۆ نموونە كچێكی تەمەن چوار ساڵ لە خێزانێكی نەرویجی دیندار، دەبوایە هەموو بەیانیەك پێش بەرچایی گوێبیستی ئەو دوعا و نوێژانە بوایە كە دایكوبابی لە ئنجیلدا دەیانخوێند. بەیانیەكیان كچە گوێی لەو بەسەرهاتەی عیسا دەبێت كە بەسەر ئاو (ئاوی دەریادا) ڕۆیشتووە، یەكسەر كچە هەڵدەداتێ و دەڵێت: ئەوە دەریاكە (ئاوەكە) بەستبووبووی بۆیە عیسا توانیوویەتی بەسەریدا بڕوات.. باوان، یان هەركەسێكی دیكە، كە كار گەڵ منداڵاندا دەكات و كردویەتی ئەوە دەزانێت كە زۆربەی جارەكان، پرسیارەكانی منداڵان جاڕسكەرن و حەوسەڵە و كاتێكی زۆری دەوێت تا وەڵامیان دەدرێتەوە، زۆربەی جارەكانیش مرۆڤ وەڵامی تەواو ڕازیكەری پێنیە بۆیان.
هەروەكو باسمان كرد زۆربەی جارەكانیش وەڵامدانەوەكەیان، پرسیاری نوێیان لا دروست دەكات.

بۆنمونە، هەندێ جار دەپرسن کە ئێمەی (منداڵان) لە کوێوە هاتوین؟ گەر وەڵامیان بدەینە و بڵێین" خودا ئەوان و یەکەم مرۆڤ و گشت مرۆڤێکیشی دروست کردوە".
ئەوا بێگومان پرسیاری دوای ئەو وەڵامە ئەوەیە:

- ئەی خودا کێ دروستی کردوە و لەکوێوە هاتووە؟

گەر بێتو هەندێك ماتریالیستانە بیربکەنەوە هەوڵبدەن کەبوون و خولقاند لە ڕوانگەی تیۆری "تە قینەوە گەورەکە"the big bang وە بۆ منداڵان ڕوون بکەنەوە. ئەوا دیسان ئەو پرسیارە دەکرێت کە

- ئەی ئەم تەقینەوە گەورەیە چۆن دەستی پێکرد؟

ئیتر بەم شێوەیە پرسیارکردن هەر بەردەوام دەبێت. خۆ گەر وەڵامیان نەدرێتەوە، ئەوا وا لێکدەدرێتەوە کە لە لایەن گەورەکانەوە گرنگیان پێنادرێت و ئەمەش دەبێتە مایەی پرسیار نەکردنیان و بگرە ڕقبوونەوەش لە فێربوون. دیسان وە لام نەدانەوە وایان لێدەکات کەوا تێبگەن هەندێ "شتی" دیکە هەیە لە پرسیارکردن گرنگترە.<١>
مەترسی ئەم جۆرە ڕەفتار کردنە لەگەڵ منداڵاندا، لەوەدایە کە ئیتر ئەگەری پرسیارکردن و خۆدۆزینەوە و ئاسۆی بیرفراوانکردن لە لای منداڵ دەمرێ و نامێنێت.
لەبەر هەندێ هۆ زۆر گرنگە ئەم ڕەهەندی پرسیارکردنەی منداڵان بە هەند وەربگرین. دیسان ئەوەش زۆر مە ترسیدارە،گەرمنداڵان هەست بەپەناگایەك نە کەن و"ئاسمانێك"نەبێت- چ دینی یان فەلسەفی بەسەرسەریانەوە کەڕووی تێبکەن! پێویستیەکی دەروونی مرۆڤە کە جاروبار خۆی پابەندی فەنتازیا یان پرسیارکردن بکات! دەبێت ئێمەی گەورە ساڵان، لەوە تێبگەین کە لە دنیای منداڵاندا قۆناغێکی گرنگ هەیە کە دەکرێت ناوی بنێین(قۆناغی پەڕینەوە) پەڕینەوە لە قۆناغی تێڕوانینە دینیەکان (تیۆلۆجی) یەکان بۆ قۆناغە پرسیارە فەلسەفیەکان.
گۆشەنیگای منداڵ وابەستی ئەوەیە کە منداڵەکە لەچ ژینگەیەکەوە هاتووە و باکگراوندی چییە؟!
بۆنمونە: ئەو منداڵەی لە ژینگەیەکی دینی و ئاین پەروەرەوە هاتبێت، ئەوا ئەندێشەو پرسیارەکانی لە و بازنەیەدا دەخولێتەوەو لەڕوانگەی هەقایەتە دینیەکانەوە پرسیار دەکات. هەقایەتی ئادەم و حەواو خوڵقاندن، هەمیشە وا لە زهینەتی ئەومنداڵانەداکەلە خێزانە دینیەکانەوە هاتوون جا چ مە سیحی، جولەکە یان ئیسلام، بن.
بەڵام ئەو منداڵانەی کە لە خێزانی سێکولار (نادینی) یەوە هاتوون ڕەنگە پرسیارەکانیان زیاتر ماتریالیستیانە بێت و ڕەنگە لە ڕوانگەی بیردۆزی **thebigbang** پرساربکەن.
دیارە کە چەند شێوازێك هەیە تا ڕووبەڕووی پرسیارەکان و فەلسەفە لێدانی منداڵان ببینەوە. باشترینیان ئەوەیە کە بەوردی گوێ بۆ پرسیارەکانیان ڕادێرین و لە قوڵایی و ڕەهەندی پرسیارەکان بگەین و وەڵامی پڕمانا، بەڵام ساکاریان بدەینەوە. یان وەك ئەو شێوازەی کە لە زۆربەی کلتورەکاندا باوە، بۆهەر پرسیارێك هەقایەتێك یان چیرۆکێك بگێڕینەوە، بەتایبەتی لە کاتی بەرسڤی پرسیاری منداڵانی تەمەن ( **6** یان**7**) ساڵان تامێرمنداڵانی تەمەن(**12**یان**13**) ساڵان. بەتایبەتی لەسەر ئەو شێوازەی کە پێیدەڵێن(پەروەردەی ئاینی**riligion pedagogikk**).
ئەم شێوازە منداڵان زۆر چێژی لێدەبینن.
دەکرێت لە ڕێگای ئەو شیوازانەی کە باسمان کرد وەڵامی هەندێ لە پرسیار و ئەندێشەکانی منداڵان بدەینەوە و دەروازەی پرسیارکردنیان زیاتر بۆ ئاواڵا بکەین.

دیسان دەکرێت لە ڕێگای گێڕانەوەی ئەفسانەو داستانەوە، وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکانیان بدەینەوە. گرنگی ئەم ڕێبازە لەوەدایە کە منداڵان، بە پرسیارەکان و بۆچونەکانی نەوەکانی ڕابوردوو ئاشنا دەبن. ئەو پرسیارگەلەی کە ئەمڕۆکە خۆشیان سەرقاڵین. بەم هۆیەوە لەوە حاڵی دەبن کە پەیداکردنی وەڵامی هەندێك پرسیار ئاسان نیە و بیرکردنەوەی زۆری دەوێت.

فەلسەفە لە دیدی لاوان (مێردمنداڵان) دا

ئەوە تەنها منداڵان نین کەسەرقاڵی پرسیارە فەلسەفیەکانن. ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (یۆستەین گارتنەر – دنیاکەی سۆفیا Sofiesverden ) نیشانی دەدات کە لاوانیش سەرقاڵ و لە ئەندێشەی هەمان پرسیارە فەلسەفەیەکاندان و خوازیار و بە پەرۆشن، تا بزانن بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی ڕابوردوو چ وەڵام و ڕاڤەیکیان بۆ ئەو پرسیارانە هەیە.
تۆ بڵێیت هۆی ئەم خولیای پرسیارکردن و تەنگەتاویە چی بێت؟
ئاسان نیە وەڵامێکی هەروا سەرپێی بدەینەوە! دەکرێت وا مەزەندە بکەین کە ڕەگ و داوەکانی کەلتوری دینی لە ڕۆژئاوادا زۆر باریکتر بۆتەوە لە چاو ڕابوردوودا. ئا لێرەدایە کە فەلسەفە دەتوانێت جوابگۆی زۆر لەو پرسیارانە بێت. هەروەها (ئینتەرنێت) کە ئەمڕۆکە بۆتە هۆیەکی زۆر گرنگی پەیوەندی کردن لە نێوان لاواندا و بۆتە هۆیەك بۆ زیاتر ئاشنا بوونی لاوان بە فەلسەفە. چەندەها سایت هەن کە تایبەتن بەفەلسەفە و ناوی فەیلەسوفان و بیروڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆی فەلسەفی، لەسەر ئەم تۆڕانەی ئینتەرنێت بەبەردەوامی هەیە. چەندها ماڵپەڕی فەلسەفەیی بە زمانی ئینگلیزی و نەرویجی هەن بەناوی فەیلەسوفە بەناوبانگەکان و بابەتە گرنگەکانی فەلسەفیەوە.

فەلسەفە وەك بابەتی خوێندن( مەنهەج- پێنسیوم) لە قوتابخانەکاندا

فەلسەفە وەك بابەتێکی سەربەخۆ، لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، لە قوتابخانەکانی ئەوروپادا، نەخوێندراوە، بۆ نموونە فەرەنسا ( کە وڵاتێکی پێشەنگە لەم بوارانەدا و تاکە وڵاتە کە دین وەك مەنهەج لە قوتابخانەدا ناخوێنرێت –ك.م) کەچی بابەتە فەلسەفیەکان لە گەڵ وانەی (پەروەردەی ئا کار moralunder visning ) دا دەخوێنرا. بەڵام ئەو وڵاتەنەی کە ڕژێمی کۆمۆنیستی بوون، فەلسەفە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دەخوێنرا. فەلسەفە و تیۆریەکانی مارسیزم یەکێك بوو لەوانە سەربەخۆو بنەڕەتیەکانی قۆناغەکانی خوێندن(ئەم شێوازە نە بە تەنها لە ئەوروپا بەڵکو لە چین و کوباش هەر وا بوو- ك.م). مەبەستیش لەمە ئاشناکردنی منداڵان و لاوان بوو بەو ئایدۆلۆژیاو پرینسیپانەی کە کۆمەڵگایان لە سەر بنیاد نابوو. بە بۆچونی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەو ڕژێمە، ئەو کارە(indoktor erende) تەعمیمکردنی ئەو فەلسەفەیە بوو. بەڵام ئێمە دەتوانین بە خوێندنی وانەی دینی بشوبهێنین لەو وەڵاتانەی کە دینی ڕەسمی دەوڵەت مەسیحیە. چ دین و چ فەلسەفە وەك بابەتی خوێندن لە قوتابخانەدا، تەنها ئامانج لێیان ئەوەیە کە ڕایەڵێکی کولتوری دروست بکات!
دەبێت ئەوەش بڵێین کە خوێندنی فەلسەفە بەڕەسمی و بەشێوەیەکی چڕ، لەمێژە لە قۆناغی خوێندنی زانکۆدا وەك (سمستەر) فەسڵێکی ئیجگار هەیە. سمسیەرەکە ناوی ( examn philosophicum ) و بەکورتکراوەی I ex - phi ناسراوە.
دەبێت هە موو خوێنکارێکی زانکۆ ئەم کۆرسە شەش مانگیە بخوێنێت و نمرەی دەرچونیش بەدەست بێنێت دەنا گەواهی نامەی زانکۆی پێنادرێت.

به پێی ڕیفرۆمی 97 (R97) <2> فەلسەفە تێکەڵی وانەکانی پەروەردەی ئاینی (پەروەردەی مەسیحی) <3> و ژیاناسی‌کراو وانەیەکی نوێی لێدروستکرا بەناوی (KRL) <4> لەڕێگای ئەم وانەیەوە گەلێك بابەتی فەلسەفەی و مۆراڵی (ئاکاری) و ژیاناسی لە قۆناغەکانی خوێندندا ووروژێنران. ئەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوانەش کە لەم ئاقارەدا کراون دەریدەخەن کە ئەم وانەیە/ بابەتە لەلای قوتابیان ئاکتوێلە/ جالبەو وەك بناغەیەك وایە بۆ بنیادنانی ئەندێشەی کارکردنی قوتابیان لەتەك بابەتە ئینسانیەکان وکێشە مۆرالیەکان، لەپاشەڕۆژدا. دیسان نابێت لەبیرمان بچێت کە میتۆلۆجیای یۆنانی بەشێکی گرنگی ڕەگی کلتوری ڕۆژئاوایە. ئەم میتۆلۆجیایە باکگراوندێکی سەرەکی و گرنگە بۆ میتۆلۆجیایە باکگراوندێکی سەرەکی و گرنگە بۆ تێگیشتن لەفەلسەفەو فە یلەسوفانی ئەنتیك (یۆنانی کۆن) لە میتۆلۆجیادا، ئەندێشەی بوون و خوڵقاندن وروژێندراون و دواتر بوون بەکەرەستەی فەلسەفەو بابەتی ئەدەبی لەئەوروپادا. بە کورتی مویتۆلۆجیای یۆنانی ، خاڵی هاوبەشی کلتوری‌و گۆشەنیگای ژیاناسی وبیرکردنەوەی مرۆڤەکانی ئەوروپایە.
لەبەرهەندێ ناسینی میتۆلۆجیای یۆنانی و فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئاشنابوون لەگەڵ ئەم کلتورەدا، یەکێکە لەمەرجە گرنگ و سەرەکیەکان بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە و بواری پەروەردە و فێرکردندا ( مامۆستاو فێرکار ) کاربکەن، بۆ ئەوەی هێندە زەخیرەی فکرییان پێبێت کە وەڵامی پرسیارانی منداڵان و لاوان بدەنەوە.
ئەو پرسیارانەی کە مانای ژیان و بوونی خۆیان دەداتێ و مۆ رالێکی/ ئاکارێکی هاوبەشیان لەلا دروست دەکات.

چۆن دەتوانین منداڵان فێری فەلسەفە بکەین؟
کاتێك فەلسەفە دەبێتە بەشێك لە بەرنامەی خویندن لەقۆناغی سەرەتایدا دەبێت هاوسۆزییەك لە نێوان قوتابیان و بابەتەکەدا دروست بکرێت و ڕایەڵەکانی بابەتەکە (فەلسەفە) ببەسرێتەوە بە بیری قویابیانەوە. خوێندنی فەلسەفە لەقۆناغی سەرەتاییدا کارێکی نوێیە و هێندە ڕەسایی و شارەزایی لەم بوارەدا نیە، بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەو تاویوێکردنی گشت لایەنەکانی بکرێت، پێش بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەبنە (مەنهەج) پێنسۆمی خوێندن.
 هەروەها دەبێت ئامانج و مەبەست لەفێربوونی منداڵان و لاوان بۆ فەلسەفە، بزانرێت. دوو پرسیار زۆر گرنگە کە بەر لە دەسپێکردنی ئەم کارە، لە خۆمانی بپرسین. ئایا ئێمە مەبەستمانە منداڵان و لاوان فێری فەلسەفە بکەین؟
یان، مەبەستمانە کە فێریان بکەین خۆیان فەلسەفە لێبدەن (بفەلسەفێنن):
گەر ئەم دوو پرسیارەمان وەڵامدایەوە وەڵامەکانمان تاوتوێکرد و هەڵسەنگاند، ئەوا پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە کە ئایا (منداڵان و لاوان) قوتابیان بابەتەکان ئەزبەر (دەرخ) بکەن، یانژی تەنها جوابگۆی ئەندێشەو بۆچوونەکانیان بێت و وەڵامی پرسیارە سەختەکانیان بداتەوە؟
کتێبی (فەلسەفە لەقویابخانەدا ) کە لە ساڵی 1999بڵاوکراوەتەوە، کارێکی زۆر مەزنەو باسی هە موو ڕەهە ندەکانی خوێندنی فەلسەفە لە قویابخانەکانی قۆناغی سەرەتایدا لە نەرویج دەکات.
نووسەرانی ئەم کتێبە بەوردی با سی ئەو شێوازە دەکەن کە دەبێت مامۆستایان فێرکاران

بیگرنەبەر تا منداڵان فێری دیالۆگ و ئاخاوتنی فەلسەفیانە بکەن وخۆیان ڕابهێنن کە لۆژیکیانە گفتوگۆ بکەن و لە بابەتەکان و کێشەکان بڕوانن و بکۆڵنەوە. نابێت مەبەست لەوانەی فەلسەفە تەنها ئەوە بێت کە منداڵان/ قوتابیان بکەن بەما شێێنی زانیاری و گەنجینیەك لە فاکتەرو زابیارییان پێ رەوان بکە ین !

دەبێت ئامانج لەفەلسەفە خوێندن ئەوەبیت، قویابیان فێری ئاخاوتنی فەلسەفیانە بکەین و دیدگایان لەروانگە ئاکاری و شیکاری و ژیانناسی یەکانەوە فراوان بکەین.

نوسەرانی ئەم کتێبە پێیان وایە کە ئەو شێوازەی سوکرات پیادەیکردوە (شێوازی دیالێکتێکی) شێوازێکی زۆر جوانە بۆ وتنەوەی وانەی فەلسەفە بەقوتابیان. هونەری ئەم شێوازە ئەوەیە کەسوکرات مێشکی کەسی بەرامبەری دەبزواند و ناچاریدەکرد کە لە هەوڵی دۆزینەوەی لایەنە نادیار و شاردراوەکانی بابەتەکان ( پرسیارە کاندا) بێت، هەروەها هونەری دیالێکتێك (دیالۆگ) لەوەدا یە کە مامۆستایان هاوکاری قوتابیان دەبن بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی وەڵامی پرسیارەکان.

هەروەها لەم کتابەدا ئادرێسی ئەلەکترۆنی چەندەها ماڵپەڕی فەلسەفی بڵاوکراوەتەوە، کە قوتابیان دەتوانن سەردانی ئەو ماڵپەڕانە بکەن و خۆ لەو گفتوگۆ فەلسەفیانە ش هەڵقورتێنن کە بەردەوام بەڕێوەدەچن!

نووسەرانی ئەم کتێبە ئاماژە بەو ڕێبازە دەکەن کە لە ئەمریکادا (**USA** ) لەساڵی **1982** وە لەلایەن پرۆفیسۆر **Mathew Limpas** ماتهیۆ لیمپس- وە داهێنراوە لەژێر ناوی **Philosophy For Children** ( **P4c** ) **<5>**

کورتکردنەوەی نووسراوەکە. بەم شێوەیە نووسراوە. نووسەرانی کتێبەکە ئەم شێوازەی پرفیسۆر لیمپەس بەباشترین شێوازی فێرکردنی فەلسەفە بۆ منداڵان لەقەڵەمدەدەن. بەکورتی ئەم شێوازە هەوڵدەدات کەحەزو ئارەزوی پرسیارکردن لە لای منداڵان ولاوان پەرەپێدەدات وژەهەمان کاتیشدا پرسیاری سادەو ئاسایی فەلسەفیانەیان ئاراستە بکات، کەلەتێکستە فەلسەفیە ئاسانەکان و چیرۆك و هەقایەتەکانەوە هەڵهێنجرابن. دیسان پرۆفیسۆر لیمپەس گەلێ کتێب وڕێنمایی بۆ مامۆستایان و فێرکاران بە چاپگەیاندووە.

شێوازێکی دیکە کە تارادەیەك دژ بە ڕێبازی ( **P4c** ) ە، ڕێبازی (تەقلیدی) ترادیسۆنی گوتنەوەی فەلسەفە لەسەر ئەو شێوازەی کە لە زانکۆکاندا دەگوترێتەوە. قوتابیان وخوێنکاران زیاتر خۆیان بە مێژووی فەلسەفە و فەیلەسوفەکانەوە سەرقاڵدەکەن. دەکرێت لەنێوان ئەم دوو شێوازەدا/ ڕێبازەدا ڕێبازی سێیەم بێتە ئاراوە واتە لەتێکەڵکردنی هەردوو ڕێبازەکە ئەویش زانینی ڕای فەیلەسوفەکانە لەمە ڕ پرسیارە مەزنەکانی ژیان و لەگەڵیشدا خوێندکاران خۆیان لە هەوڵی ئەوەدابن کەدیدو بۆچونی خۆیان لەسەر هەمان پرسیارگەل بخەنەڕوو.

ئەم شیوازە (شێواز/ ڕێبازی سێیەم ) ئامانجی ئەوەیەکە، قوتابیان (منداڵان) لەسەر ئەوە ڕابهێنێ و فێریان بکات و بیریانبخاتەوە کە زۆ لە مێژە و بەدرێژایی مێژووی بیرکردنەوە، کەسانی دیکە پێش ئێمە، هەمان پرسیاریان کردوە و بەشوێن وەڵامەکانیشیاندا گەڕاون و عەوداڵ بوون.

قوتابیان(منداڵان و لاوان) فێربکات کە خۆیان(فەلسەفە لێبدەن) واتە خۆیان بیربکەنەوە و ڕایان هەبێت لەسەر پرسیارە گەورەکان، ئەو پرسیارانەی کە کە خۆیان(قوتابیان) دەیکەن.

ئەم ڕێبازەش بەڕێبازی **Carpe-dim** «6» ناسراوە. لەم ڕوانگەیەوە ڕێگە بەمامۆستا/ فێرکار دەدرێت کەلەکاتی پێویست و گونجاودا بیروڕای فەلسەفیانەی خۆی دەربڕێت (بفەلسەفێنێ).

ئەمە شێوازو میتۆدێکی پەروەردەکاری ڕەچاو کراوە کە ئێمە بنیاد لەسەر ئەو (پرسیارو دەرەئەنجامانە) بنێین کەپێشینان (بیریاران و فەیلەسوفان) کردوویانە و پێیگەیشتوون.
دەکرێت بیرو بۆچونی ڕەخنە ئامێزی قوتابیان دەربارەی فەیلەسوفان وئەو پرسیارانەی وروژاندویانە و کردویانە لەڕێگای باسکردنیان لەلایەن مامۆستاکانەوە، ئاراستە بکرێت.
مەرج نیە کە هەر لەڕوانگەی مێژووی فەلسەفەوە پرسیار لای منداڵان دروست بکەین. دەکرێت بۆچونەکانی ئەریستۆ تێهەڵکێش بکرێت، باسێك بکەین و لێبگەڕێین منداڵان/قوتابیان خۆیان لایەنەکانی بابەتەکە هەڵسەنگێنن. بۆ نمونە ئێمە تەنها هەندێ لە بۆچوون و دیدەکانی ئەریستۆ تێهەڵەڵکێش بە باسەکە بکەین:
- ئایا تەنها ئەو مرۆڤەی کە باش هەڵدەسوڕێ و باش هەڵسو کەوت دەکات، نرخی هەیە؟
- ئایا کەس هەیە حەز بکات وەك کۆیلە بژی؟
- ئایا ژنان پیاوی ناتەواون؟

بەم شێوەیە دەکرێت لە ڕێگای پرسیارە ترادیسیۆنیە/تەقلیدیەکانەوە بۆ منداڵان بهێنینە فەلسەفە.
دیسان ڕۆمانەکەی یۆستەین گاردێس(دنیاکەی سۆفیا) لەم بوارەدا شێوازێکی زۆر سەرکەوتووە.
یۆستەین گاردیس، لێدەگەڕێت کە سۆفیا وەڵامەکان لەڕێگەی مێژووی فەلسەفەوە پەیدا بکات.
خاڵێکی گرنگ کە نابێت لەیادی بکەین، ئەوەیە کە گشت منداڵێك ئەو خولیای پرسیارکردن و ڕەخنەگرتنەی نیە. لەوانەیە ئەومنداڵانەی کە خولیاو توانای ڕەخنە و پرسیاریان نیە بەئاسانی بکەونە دەرەوەی بازنەی گفتوگۆکانەوەو دابېڕێن.
خۆ لە بنەڕەتدا مەبەست لەوانەی فەلسەفە ئەوەیە کەمنداڵان/قوتابیان لەگفتوگۆی فەلسەفەیاندا چوست و چالاك بن، ئەی کەواتە، چی لەو منداڵا نە بکەین کە پرسیار ناکەن و ڕەخنە ناگرن؟ دەکرێت لەڕێگای گێڕانەوەی فەلسەفەوە ( وەك هەقایەت و چیرۆك) بە فەلسەفە ئاشنا بکرێن و خوی پرسیار کردن و ڕەخنە گرتنیان لا دروست ببێت.
دەشێت لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مامۆستاو فێرکارانەوە ناچار بن کە لەئەنجامی وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیاردا پرینسیپی/ڕێسای **dime-Carpe** بەکاربهێنێ و خۆی فەلسەفە لێبدات. بۆ نموونە (سیسیلیا ) تەمەنی هەشت ساڵە و لە پۆلی دووە و باسی ئەوە دەکات کە سەگەکەی مردووە. دەشێت یەکێك لە قوتابیانی پۆلەکە بپرسێت (ئایا ژیانێکی دیکە دوای مردن هەیە؟)، دیسان دەشێت یەکێکی دیکە بپرسێت ( ئایا سەگەکەی سیسیلیا دەچێتە بەهەشت؟)، یان پرسیار بکرێت ( ئایا زیندوو بوونەوە هەر تەنها بۆ مرۆڤ هەیە؟ ئەی بۆ بۆ سەگ نیە؟)، ڕەنگە یەکێکی دیکەیان هەڵبداتێ و بڵێ ( کە زیندوو بوونەوە لەدوای مردن هەر نیە، نە بۆ مرۆڤ نەبۆ سەگ). ئیتر ئابێت ،پرستیارەکان ئاڵوز تر دەبن و وەڵامدانەوەیان ئاسان نابن.
قوتابیەکانی دواقۆناغی خوێندنی سەرەتایی( پۆلەکانی(9) نۆ و (10) دە، زۆرتر ئاگاداری هۆکانی ڕاگەیاندن و لە ماسەمێدیاوە ڕوداوە ناوخۆییەکان و هەندێك جاریش روداوەکانی جیهان و کارەساتەکان دەبینن و دەپرسن.
- ئایا هێزێك هەیە کە جڵەوی ڕوداوەکانی لە دەستدا بێت؟
هەر ئەم پرسانە دەبنە مایەی گفتوگۆیەکی ئاکتوێل/جالب و سوود بەخش لە پۆلدا!
دیسان پرسیاری ( ڕێئینکارنەیشن/تەناسوخی ڕۆح/لاشە گۆڕکێی گیان) لە مێشکی گەلێك لە لاوەکاندا پەنگ دەخواتەوە، بەتایبەتی لەلای ئەوانەی کە گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر

دەخوێننەوە و بابەتگەلی لەوجۆرە دەکەوێتە بەرچاویان کەکەسانێك هەن واهەست دەکەن پێش ئەم ژیانەیان لە ڕۆژگارێکی دیکەدا ژیاون و لە شێوەیەکی دیکەدا بوون!
ئیدی هەقایەت و چیرۆکی لەم چەشنە، بیرکردنەوەی گەلێك لەو لاوانە(مێردمنداڵانە) داگیردەکات و پرسیاری لەم چەشنە دێت بەخەیاڵیاندا
- ئایا من پێشتر ژیاوم؟
- تۆ بڵێیت جارێکی دیکە دوای مردنم بێمەوە ئەم ژیانە و ئەم سەر زەوییە؟
- ئایا دوای مردنم، گیانم دەچێتە لاشیەکی دیکەوە؟
لەبەرامبەری ئەم جۆرە پرسیارانەدا کۆمەڵێکی دیکە لە قوتابیان ئەم پرسیار و بۆ چونانە پەشمە لایان و بڕوای پێناکەن، ئیتر ئەمەش دەبێتە مایەی گفتووگۆ و دەرکەوتنی بیرو ڕای جیاواز وجۆراو جۆر.

## سەرچاوە

لەکتێبی:
**LIVSSYN OG Etikk Kapittel 2،FILOSOFI** وەرگیراوە
**Filosofi i skolen side 18-25**
نووسەران:
**Eirk Brotvet and Knut Duesnudar**

## ڕوونکردنەوە

ئەم بابەتە لەکتێبی فەلسەفە، ژیاننناسی و ئاکار **LIVSSYN OG Etikk،FILOSOFI** وەرگیراوە

دەزگای (کتێبی زانستی) سالی 2002

نووسەرانی ئەم کتێبە مامۆستای ئامۆژگای پەیمانگەی مامۆستایانن، **Eirk Brotvet** مامۆستایە لە ئامۆژگای مامۆستایان لە ئوستانی هێدمارك، و **Knut Duesnudar** مامۆستایە لە ئوستانی تێلەمارك. ئەم کتێبە کەباسی فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی بەگشتی و چەند فەیلەسوفێك دەکات لەبەشی یەکەمدا. لە بەشی دووەمدا باسی ژیاننناسی و تێڕوانینی مرۆڤی ڕۆژئاوا بۆ دین و فەلسەفە و زانست ڕوون دەکاتەوە. لە بەشی سێهە مدا باسی **Etikk** / ئاکار دەکات. کتێبەکە وەك یاریدەدەرێك بۆ خوێندکارانی ئامۆژگای مامۆستایان ئامادە کراوە.
کتیبەکە 363 لاپەڕەیە و نرخەکەی 398 کرۆنە، نزیکەی 60 دۆلارە.

## پەڕاوێزەکان

«1» بۆنموونە، کاتێك منداڵێك پرسیارێکت لێدەکات، جاتۆ وەك باوان، مامۆستا یان فێرکار وەلام نەدەیتەوە و لەبەرئەوەی یان وەلامەکە نازانیت، یان پرسیارەکە جاڕستدەکات، بۆ خۆ دەربازکردن لە وەلام دەڵێیت ( جارێ باسەیری تەلەفیزیۆن بکەم، یان جارێ خەریکی فلانە شتم) یان هەر هۆیەکی دیکە پەیدا دەکەی بۆ وەلام نەدانەوە، ئیتر ئەو هۆیە لای منداڵەکە وا لێکدە درێتەوە کە لەپرسیارەکە گرنگترە! ئەمە دەبێتە هۆی کوشتنی/ سستکردنی ئەنگیزە/ خووی پرسیار کردن لای منداڵ.

«2» R97 لە ساڵێ 1997 دا ڕیفۆرمی سەرتاسەری لە مەنهەجەکانی خوێندندا کرا کە پێش پێنج ساڵ لەوە و بەر کاری بۆ دەکرا. تەواوی کتێبەکان و پلانەکانی خوێندن و شێوازەکانی وانەگووتنەوە گۆڕانیاین بەسەردا هات. کتێبی نوێ بۆ گشت قۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەیی چاپ کران( ك .م)

«3» ژیاننـاسی: ئەم ووشەیە خۆم دامناوە بەرامبەر ووشەی Livssyn ( live – ژیان و syn – دید/بۆچوون) بەڵام بە بڕوای من ژیاننـاسی وەك زیندەوەر ناسی و کۆمەڵناسی و ( ك.م.) ژیاننـاسی وانەیەکی تایبەت بوو (تا ساڵی 1997 ) بۆ ئەو مدناڵانەی کە دەچوونە قوتابخانەکانی نەرویج و مەسیحی نەبوون. جا موسوڵمان یان خاوەنی دینی دیکە بوون، یان باوانیان بڕوایان بە هیچ دینێك نەبوو، حەزیان نەدەکرد کەمنداڵەکانیان پەروەردەی دینی بخوێنن. وانەکە تێکەڵەیەك بوو لە باسی هەموو دینەکان و بڕوا و ئایدۆلۆژیە گەورەکانیش. دوای ڕیفۆرمی R97/97 ئەم وانەیە نەماو وانە KLR جێگەی گرتەوە.

«4» KRL کورت کراوەی مەسیحییەت K= kristndom، دین R= religon، ژیاننـاسی L = livssyn) لە ساڵی 1997 وە گشت قوتابیان بە جیاوازی بیروبۆچوونیانەوە هەموو ئەم وانەیە دەخوێنن، کە تێکەڵە لە مەسیحییەت و گشت دینەکانی دیکە ( جودیزم، ئیسلام، هیندۆنیزم، بودیزم) و چەند بڕوایەك ( ڤودا و سروشت پەرستی و ئاینی کۆنی نەرویج و ڤایکینگەکان). هەروەها باسی مێژووی فەلسەفە و فەیلەسوفە گەورەکان و میتۆلۆجی یۆنانی، دوا بەشیش باسی لە ئایدۆلۆجیا گەورەکانە وەك مارکسیزم، لیبرالیزم، نازیزم، کاپیتالیزم و سۆسیالیزم. ئەم وانەیە لە پۆلی پێنجەوە دەخوێنرێت.

کاتێك دەڵێین خوێندنی سەرەتایی مەبەست یەك تا سێی ناوەندییە، تا ساڵی 1997 خوێندنی سەرەتایی ( بنەڕەتی) کە ئیجباریە بۆ هەموو منداڵانی وەڵات(9) ساڵ بوو. بەڵام لە دوای (ڕیفۆرمی 97) ەوە بووە بە دە ساڵ، پێش R/97 منداڵان دوای پڕکردنەوەی تەمەنی حەوت ساڵی وەردەگیران، بەڵام دوای ئەو ساڵە لە تەمەنی شەش ساڵییەوە وەردەگیرێن.

«5» – P – p4c فەلسەفە، for /4 ، C - منداڵان

«6» Carpe-dime ووشەیەکی لاتینەیەو مانای (هەل بەکار بهێنە) دەگەیەنێ. واتە: کەی گونجاو پێویستی کرد فەلسەفە لێبدە و پرسیاری فەلسەفی بکە و بفەلسەفێنە!

کەریم مستەفا